# ڕۆژی 8 ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن لە باکووری هۆڵەندا مەراسیم بەرپاکراو،ژنان وپیاوان داخوازی نامەیەکیان ئیمزا کردو ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانیانیان کرد

**ئامادەکردنی ئەمیر قادر**

چەند مانگ پێش ڕۆژی جیهانی ژن و بە دەست پێشخەری کەلسوم عیساو جەلال سۆفی هاوسەری لە ناوچەی باکوری هۆڵەندا تەدارەکاتی ڕۆژی جیهانی ژن کرابوو،ڕۆژی 10–3–2007 لە نیوفێنپ بەبەشداری زیاتر لە 100 ژن و پیاو ڕۆژی جیهانی ژن پیرۆزو بە ڕێز ڕاگیرا،کەلسوم خان ئەم ڕۆژەی بە ووتەیەکی کورت کردەوە و دواترخاتوو ڕانێتا بەزمانی هۆڵەندی باسێکی تێروپڕی بەزمانی هۆڵەندی لەسەرمێژووی ئەم ڕۆژە لەهۆڵەنداو دەستکەوتەکانی ژنان و کەموکوڕیەکانی قانوونی هۆڵەندا لەپەیوەند بەژنانەوەکرد،دواتر ژمارەیەک وتارو کاری جۆراوجۆری هونەری بەرنەمەکەیان ڕازاندەوە،دواتر بەم بۆنەیەوە هەمووان پێکەوە نانیان خواردوو سفرەیەکی هاوبەشیان ڕازاندەوە، چەندین پارچە شیعرو بەشی تر بەرنامەکەیان ڕازاندەوە،مۆسیقاو شایی وخۆشی تادرەنگانی شەو ئامەدەبووانی غەرقی خۆشی و هەڵپەڕکێ کردبوو،لەناو بۆنەکەدا ژنێک بەناوی پەروین قادر داخوازینامەیەکی بۆپەرلەمانی کوردستان هەبوو کە تیایدا داخوازی قەدەغەکردنی کوشتنی ژنان و خەتەنەکردنی ژنانی کوردستان بوو،کەزۆربەی ئامادەبووان بەژن و پیاوەوە پشتیوانیان کردوو ئیمزایان کرد،شایانی باسە کەهەموو ساڵ ئەم بۆنەیەو زۆر بۆنەی تر لەم ناوچەیەی هۆڵەندا بە سەربەخۆو دوور لە دەستی حیزبەکان و بە شێوەیەکی شیاو دەکرێنەوە.

بەڕێزان لەپەرلەمانی کوردستان سڵاو و ڕێز..

ئێمە ئەمانەی کەلەخوارەوە ناومان هاتووە و ڕۆژی 8 ی مارسی 2007 ڕێز لێدەگرین لە هۆڵەنداو ئەم داخوازیانەمان هەیە کە هیواداریین لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێن:

1-کوشتنی ژنان لە دەستووری کوردستاندا وەک تاوانی کوشتن واتە قەتل هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت وە کوژەرانی ژنان وەک قاتل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت و سزابدرێن بەهیچ بیانوویەکەوە تاوانەکانیان کەمنەکرێتەوە.

2- دیاردەی بەناوی سوننەتی کچانەوە زەرەرێکی زۆر بە لەشو سێکسو ڕۆحی ژنان دەدات و داواکاریین کە قەدەغەبکرێت و لە حکومەتی سەرپێچی کردندا سزای گونجاو بۆ ئەو کەسانە بدرێت کە ئەم کارە دەکەن.






PICKWICK
PICKWICK

